ساتیره چیرچیرۆک

# دیمۆکراسی

**نووسینی: حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk

من سدارەی ڕەش لەسەر دەنێم و دار باسۆن هەڵدەگرم و هەرکاتێ لووتیشم بگیرێ برنووتی بەکاردەبەم. ئەگەر تووشی کۆکە و هەلامەت هاتم، بە(عەتێخان)ی خێزانم دەڵێم (چەنگسووتە) یەکم بۆ لێنێ.. من ئێستاش سەعاتی بەرباخەڵی بەزریزەی زەرد هەڵدەگرم. بەدەست خۆم نییە پیاوێکی کۆنزێرڤەتیڤم. بەقەولی ئێوەمانان کەسێکی محافەزەکارم. پێم باشە، داب و نەریتە باوەکان بپارێزم. من تاکو ئێستاش لەبەر ڕۆشنایی بیرو باوەڕەکانی ئەوسای زەمانی (کۆمەڵەی ژێکاف) بۆ مەسەلەکان دەچم. بۆیە تا ئەم دواییەش هەر وەک ئەوسا پێناسەی (دیموکراسی)م دەکرد و پێم وابوو زاراوەیەکی (یۆنانی)ی کۆنە بەمانای حوکمی گەل دێ. کەچی (هەندرێن)ی کوڕەزام، کە لە ڕێکخستنەکاندا کادیرێکی کارایە، هەرچی زانیارییەکم لەم بارەیەوە هەبوون هەموویانی لینگەوقووچ کردەوە. هەندرێن سوورە لەسەر ئەوەی ،کە دیموکراسی وشەیەکی دوو بڕگەیی فیفتی فیفتی (کوردۆعارەبییە)، یان ڕاستتر وایە بڵێم: وشەیەکی (ئیتیحادی ـ فیدراڵی) یە.. (دیمۆ) بڕگە کوردییەکەیەتی، بەمانای دۆزیمەوە.. (کراسي)ش، بڕگە عارەبییەکەیەتی، کە کۆی وشەی (کرسي)یە و بەکوردیش هەر (کورسی)ی پێدەڵێن. ئەگەر هەموو وشەکە بە کوردی گۆبکەین دەبێتە: (دیمۆکەراسی) واتە:(( من کۆمەڵێ کورسیم دۆزییەوە.!))
ئەمجا تەحەدداشی کردم و وتی: ((باپیرە، سێ مانگت تەرح بێ. ئەگەر مەسوولێکت دۆزییەوە خاوەنی تەنیا یەک (کورسی) بێ، واتە تەنیا یەک پۆست و ئیشی لەحیزب و دەوڵەتدا هەبێ، بڵێ (قیر)و من دۆڕاوم!!))
دەیان نموونەشی بۆ هێنامەوە. ئۆباڵ بە تەختی گەردنم (هەندرێن) ڕاستە و من هەڵەم.. بۆیە لەمڕۆوە بڕیارم داوە تا دەستم دەگات سدارەکەم تووڕهەڵدەم و قژە سپییەکەم بۆیاخ بکەم. هەرچی سەعاتی بە قۆردون و دار باسۆنیشە، وەک ئەنتیک بیاننێرمە مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی. واز لە برنووتی و چەنگسووتە بهێنم و چاویلکەیەکی هەتاویش لە چاو بکەم.. بەنیازم بە هەندرێنی کوڕەزاشم بڵێم لە ڕێکخستنەکەی لای خۆی بە (لایەنگر) وەرمگرێ!!.
خۆ سەری دنیا بەپووش نەگیراوە.! تەمەن باقی بێ، کێ دەڵێ منیش وەک ئەو هەموو مەسوولە سەروەرانە، چەند کورسییەک نادۆزمەوە؟!